# یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

یەکەی چاودێریی

**را پۆرتی مانگانە**

**راپۆرتی دەیەم**

**تەموزی** 2017

2017/8/1

## پێڕست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | چالاکیەکانی یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەمانگی تەموزی 2017 |
| بەشی سێیەم | راپۆرت |


## بەشی یەکەم: ناساندن

1. ناساندنی پرۆژە
2. ناساندنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
3. ناساندنی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان
5. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژەی چاودێریی

## 1. ناساندنی پرۆژە

یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، یەکەیەکی تایبەتە بە چاودێریی و بەدواداچون کردن بۆ کار و چالاکییەکانی نوێنەرانی ناوچەی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەرێگەی بەدواداچونکردن بۆ ئیشوکارەکانیان و بڵاوکردنەوەی راپۆرتی مانگانە لەوبارەوە. یەکەکە پرۆژەیەکی رادیۆی دەنگە بەپاڵپشتی دارایی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی "NED" ئەمریکی.

ئامانجەکانی ئەم یەکەیە، بریتییە لە:

1. دەرخستنی قەبارەی چالاکی و نوێنەرایەتیکردنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو بۆ هاولاتیانی ناوچەکە.

2. دروستکردنی رایەڵەیەکی پەیوەندی دیکە لەنێوان ئەو نوێنەرانەو هاولاتیان، بە ئامانجی برەودانی زیاتر بە کاری نوێنەرایەتیکردن و هەروەها چاودێر بون بەسەر نوێنەرەکانەوە.

3. پیشاندانی ئەو را و سەرنج و تێبینییانەی کەلەلایەن هاولاتیانەوە لەسەر نوێنەرەکان دێتە ئاراوە، گەیاندنی دەنگی هەردولا بەیەکتری.

چالاکیەکانی ئەم یەکەیە بریتیی دەبێت لە:

1. ئامادەکردنی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و کاری نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

2. ئەنجامدانی راپرسیی بۆ زانینی رای چین و توێژە جیاوازەکان لەسەر کار و چالاکی نوێنەرە گەرمیانیەکان.

3. ئەنجامدانی بەرنامەیەکی رادیۆی مانگانە، بۆ پتەوکردنی زیاتری رۆڵی نوێنەرایەتییکردنی هاولاتیان لە ئەنجومەن و دەزگا تەشریعییەکان.

4. ئەنجامدانی: کۆڕ، سیمینار، دیبەیت و کۆبونەوەی کراوە، لەبارەی گرنگییدانی زیاتر بە پرسی نوێنەرایەتییکردن و هەروەها چاودێریکردنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو.

## 2. ناساندنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوە لەلایەن خەڵکی پارێزگای سلێمانییەوە، لەروی کارگێڕی و دارایی و یاساییەوە بەستراوەتەوە بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لەروی چاودێرییەوە دەکەوێتە ژێر چاودێریی پەرلەمانی کوردستانەوە.

دەسەڵاتی ئەنجومەن چاودێریکردنە لەسنوری کارگێڕی پارێزگاکەداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەو و ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەسنوری پارێزگاکەدا دەربچوێنێ، تا بتوانرێت سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بەپێی پرەنسیپی ناسەنتەری بەڕێوەبردنی کارگێڕی بکات، بەجۆرێکی وا کە ناکۆک نەبێت لەگەڵ دەستورو یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا.

خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەپێی یاسای ژمارە (71)ی 6-4-2004ی پۆڵ بریمەر لە 31-1-2005دا هەڵبژێردراو لە (41) ئەندام پێکهاتبو، ئەم خولە کە خولی دوەمی ئەنجومەنە، بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009 یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان-عیراقدا، لە 30-4-2014 دا هەڵبژێردراوەو لە (32) ئەندام پێکدێت، خولی دوەم بەپێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009 یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عیراق، یەکەم کۆبونەوەی خۆی لە 24-6-2014دا کرد.

ئەنجومەن پێکدێت لە (7) فراکسیۆن، کە بریتین لە: (بزوتنەوەی گۆڕان 12 ئەندام، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان 11 ئەندام، خزمەت (یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستانو کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان) 4 ئەندام، پارتی دیموکراتی کوردستان 3 ئەندام، رافیدەین 1 ئەندام، هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان 1 ئەندام).

## 3. ناساندنی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

لەئێستادا (2) لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە گەرمیان تائێستاش بەشێکە لەو پارێزگایە، خەڵکی ناوچەی گەرمیانن و بە نوێنەرانی گەرمیان لەو ئەنجومەنە هەژمار دەکرێن، ئەوانیش:

1. غالب محەمەد عەلی.

2. محەمەد عەبدولوەهاب.

هاوکات بڕیارە لەپاش هەڵبژاردنی هەڤاڵ ئەبوبەکر بە پارێزگاری سلێمانی، لەجێگەی ناوبراو (کەریم عەلی کەریم) ببێتە ئەندامی ئەنجومەن، کە ئەویش گەرمیانییەو دانیشتوی ناحیەی رزگاریی سەر بە قەزای کەلارە، بەڵام تائێستا بەهۆی کێشەی یاسایی و تەواونەبونی مامەڵەکانی دەستبەکاربونی (هەڤاڵ ئەبوبەکر) وەك پارێزگار، (کەریم عەلی) سوێندی یاسایی بۆ بون بە ئەندامی ئەنجومەن نەخواردوە.

**(CV) دو ئەندامە گەرمیانیەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

(1)

**ناوی چواری: غالب محەمەد عەلی شکور**
**فراکسیۆن: گۆڕان**
**شوێن و ساڵی لەدایکبون: کەلار 1982**
**شوێنی نیشتەجێبونی ئێستا: کەلار**
**بڕوانامەو ساڵی دەرچون: خوێندکاری دکتۆرا لە شیکاری نەوت**
**باری خێزانی: سەڵت**
**کاری پێشتر: مامۆستای زانکۆ**
**ئەو زمانانەی دەیزانێت: کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی**

**ئیمەیڵ:** ghalib8299@gmail.com

**فەیسبوک:** ghalib M.ali

**ژمارە تەلەفۆن:** 07702122501

**کاری ناو ئەنجومەن: سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی وزەو بازرگانی و سامانە سروشتیەکان**

**چالاکی ڕێکخراوەیی: ئەندام لەچەند ریچکخراوێکی ژینگەیی و تەندروستی**

(2)

**ناوی چواری: محەمەد عەبدولوەهاب عومەر ڕەزا**

**فراکسیۆن: گۆڕان**

**نازناو: حەمەی شێخ**

**شوێن و ساڵی لەدایکبون: کەلار** 1983

**شوێنی نیشتەجێبونی ئێستا: کەلار – فەرمانبەران**

**بڕوانامەو ساڵی دەرچون: دبلۆم** 2006–2007

**باری خێزانی: خێزاندار**

**کاری پێشتر: مامۆستا**

**فەیسبوک:** Hamay shex

**ژمارە تەلەفۆن:** 07701955029 – 07701581753

**ئەو زمانانەی دەیزانێت: کوردی عەرەبی، کەمێك فارسی**

**کاری ناو ئەنجومەن: ئەندامی چوار لیژنە**

**چالاکی ڕێکخراوەیی: بەشداری زۆربەی چالاکیە مەدەنیەکانی شارەکەی کردوە**

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

**گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوك بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.**

**ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێك قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێك لە قەزای خانەقین.)**

**لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوك کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێك لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوك.**

**بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان، بۆ چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لە پێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.**

**ئەم ئیدارەیە، ئەگەرچی لە روی کارگێڕییەوە تارادەیەکی زۆر سەربەخۆیەو دەسەڵاتی پارێزگای هەیە، بەڵام لەروی فەرمیەوە، هەتا ئێستا بەشێکە لە پارێزگای سلێمانی، هەربۆیە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەشداریی دەکەن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و نوێنەریان لەو ئەنجومەنە دیاریی دەکەن.**

## 5. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژەی چاودێریی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

1. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەك گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێك چالاکی هونەریی).

## 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

**سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.**

**(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکی فرە ڕەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا .**

**(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.**

## بەشی دووەم:

## چالاکیەکانی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئە نجومەنی پارێزگای سلێمانی لەمانگی تەموزی 2017

1- غالب محەمەد عەلی

2- محەمەد عەبدولوەهاب عومەر

دو ئەندامە گەرمیانیەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەماوەی مانگی تەموزی 2017 دا، تێکڕا لەمیانەی ئەرك و کارەکانیان دا، (32) چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە، کە دابەش بون بەسەر ئەم بەشانەدا:

1. سەردان و بەدواداچون (22).
2. ئاراستەکردنی نوسراو (10).

1- غالب محەمەد عەلی

لەماوەی مانگی تەموزی 2017 دا، غالب محەمەد عەلی، وەکو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، (7) چالاکی هەبوە، کە (5) چالاکیان سەردان و بەدواداچون بوە و (2) چالاکی ئاراستەکردنی نوسراو بوە.

| ز | جۆری چالاکی | مەبەستی چالاکی | بەروار |
|---|---|---|---|
| 1 | سەردان و بەدواداچون | بە هەماهەنگی بەرێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی سلێمانی لە سەردانکردنی بازگەی عەربەت بۆ پشکنینی ئەو تانکەرە بەنزینانەی دێنە ناو سلێمانیەوە. | 2017-7-2 |
| 2 | سەردان و | سەردانکردنی کارگەکانی شیش و ئاسنی سنوری ناحیەی | 2017-7-6 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | بەدواداچون | بازیان و بەدواداچون بۆ کەموکورتیەکانیان. | |
| 3 | نوسراو | ئاڕاستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگایی سلێمانی بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئەنجومەن بۆ بانگێشتکردنی پارێزگار بۆ ئەنجومەن. | 2017-7-9 |
| 4 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی خاڵی سنوری باشماخ و بەدواداچونکردن بۆ کوالێتی ئەو بەنزینانەی دەهێنرێتە کوردستانەوە. | 2017-7-16 |
| 5 | نوسراو | ئاڕاستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئەنجومەن بەمەبەستی دروستکردنی بۆ بەدواداچونی داهاتی پارێزگای سلێمانی. | 2017-7-23 |
| 6 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی تاقیگە گەڕۆکەکانی بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی سلێمانی بەمەبەستی ئاگاداربون لە چۆنیەتی پشکنینی سوتەمەنیەکانی پارێزگای سلێمانی. | 2017-7-25 |
| 7 | بەدواداچون | بەدواداچونکردن بۆ شێوازی دابەشکردنی کارەبای هەرێم بە سەر شارو شارۆچکەکانی هەرێمدا. | 2017-7-27 |

## 2- محەمەد عەبدولوەهاب عومەر

لەماوەی مانگی تەموزی 2017 دا، محەمەد عەبدولوەهاب، وەکو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، (25) چالاکی هەبوە، کە (17) چالاکیان سەردان و بەدواداچون وبەشداری و (8) چالاکی ئاراستەکردنی نوسراو بوە.

| ز | جۆری چالاکی | مەبەستی چالاکی | بەروار |
|---|---|---|---|
| 1 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی بەرێوبەری ناحیەی سەرقەلا بەمەبەستی بە دواداچونکردن بۆ چۆنیەتی دامەزراندنی گەنجان و دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکانی سنورەکە لە کۆمپانیا نەوتیەکان. | 2017-7-2 |
| 2 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگایی سلێمانی بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئەنجومەن، بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی بەرێوبەرایەتی شەهیدانی سلێمانی بەو پێیەی لە سنوری پارێزگای هەولێر لەکاتی تەملیککردنی خانوی وارسی شەهیدان پارەیان لێ وەرناگیرێت، بەلأم لە سلێمانی لێیان وەردەگیرێت. | 2017-7-3 |
| 3 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئەنجومەن، بەمەبەستی بەدواچونکردن بۆ بردنە دەرەوەی پارە بە شێوازی نایاسایی لە مەرزی نێودەوڵەتی پەرویزخانەوە. | 2017-7-3 |
| 4 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی پرۆژەی "نالی سیتی" لە شاری سلێمانی بەمەبەستی بەدواداچونکردن لە کەموکورتیەکانی پرۆژەکە. | 2017-7-4 |
| 5 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان بەمەبەستی گەیاندنی کەموکورتیەکانی کەرتەکە و دیاریکردنی کۆمەڵێك کەموکورتی لە هەردو پرۆژەی | 2017-7-5 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | کۆمەڵگای پزیشکی لە کەلار و رزگاری ئاراستەکردنی کەموکورتیەکان بۆ ئیدارەی گەرمیان. | |
| 6 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی بەرێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان ببەمەبەستی بە ئاگابون لە وەرگرتنی گەنمی جوتیاران و هەوڵدان بۆ دابینکردنی فەرمانبەری زیاتر بۆ ئاودان و چاودێری کردنی دار و درەختەکانی پشتێنەی کەلار. | 2017-7-5 |
| 7 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی جێگری بەرێوبەری دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخان بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی جێکردنەوەی شۆفێری ئەو بارهەڵگرانەی کە ئۆتۆمبێلی جۆری سایلۆیان پێیە. | 2017-7-6 |
| 8 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی بەرێوبەرایەتی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیان بەمەبەستی گەیاندنی داواکاری شۆفێران بۆ دانانی هێماکانی هاتوچۆ لە سنوری ئیدارەی گەرمیان. | 2017-7-9 |
| 9 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی شارەوانی کەلار بە مەبەستی لابردنی خۆڵ و خاشاکی دوروبەری رێگای پشتێنەی کەلار و بنەبرکردنی دیاردەی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات لەچەند گەڕەکێکی شاردا. | 2017-7-9 |
| 10 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی بەرێوبەرایەتی گشتی دەزگای مینی گەرمیان بەمەبەستی ئاگاداربون لە چۆنیەتی دانانی 15 فەرمانبەر لە بەرێوبەرایەتیەکەیان و کارکردن بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو مینانەی لە چەند ناوچەیەکی سنوری بناری بەمۆ ماون. | 2017-7-9 |
| 11 | بەشداری | بەشداریکردن لە کۆبونەوەی وەبەرهێنانی گەرمیان و نوێنەری یەکێتی مامۆستایان و کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکە. | 2017-7-9 |
| 12 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگایی سلێمانی بەمەبەستی دابین کردنی پزیشکی پسپۆر و ئەمبولانس بۆ | 2017-7-11 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار و شەهید خالید گەرمیانی لە کفری. | |
| 13 | سەردان بەدواداچون | سەردانکردنی پرۆژەی قیرتاوکردنی رێگای سەرەکی کەلار–رزگاری بۆ ئاگاداربون لە کارەکانی پرۆژەکە. | 2017-7-13 |
| 14 | سەردان بەدواداچون | سەردانکردنی بەرێوبەری بەشی پۆلیسی کەلار بەمەبەستی گەیاندنی داواکاری دانشتوانی گردەگۆزینە کە دانانی مەفرەزەی پۆلیسە لە گوندەکەیان. | 2017-7-13 |
| 15 | سەردان بەدواداچون | سەردانی جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بۆ داواکردنی دیاریکردنی نرخێکی گونجاو بۆ یەکەی نیشتەجێبونی مامۆستایان و هەروەها هەوڵدان بۆ قیرتاوکردنی رێگایی مەیدانی ئاژەڵ فرۆشەکانی رزگاری. | 2017-7-16 |
| 16 | سەردان و بەدواداچون | سەردانی بەرێوبەری چاودێری و بازرگانی گەرمیان بەمەبەستی بە ئاگادارکردنەوەیان لە گرانبونی نرخی مریشك و شوتی لە بازاڕەکاندا. | 2017-7-16 |
| 17 | سەردان بەدواداچون | سەردانی بەرێوبەری بازگەکانی ئاسایشی گەرمیان بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان بۆ رێگریکردن لە هێنانە ناوەوەی گۆشتی خراپ و بردنە دەرەوەی مریشکی زیندو. | 2017-7-16 |
| 18 | سەردان بەدواداچون | سەردانکردنی بەرێوبەرایەتی چاودێری خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان بە مەبەستی ئاگاداربون لە کارەکانیان و ئاگادارکردنەوەیان بۆ ئەوەی هەوڵی زیاتر بدەن بۆ پاك راگرتنی جێگاکان و چاودێری زیاتری فرۆشگاکان. | 2017-7-16 |
| 19 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگایی سلێمانی بەمەبەستی ناولێنانی نەخۆشخانەی سەد قەرەوێڵەیی بە ناوی شەهید حەمە نەگرەیی. | |
| 20 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگایی سلێمانی بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی هەردو مەرزی باشماخ و | 2017-7-18 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | پەروێزخان بۆ رێگەنەدان بە هێنانەوەی کەرەستەی بیناسازی کوالێتی خراپ. | |
| 21 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئەنجومەن بەمەبەستی دروستکردنی لیژنە بۆ بەدواداچونکردنی داهاتی پارێزگای سلێمانی. | 2017-7-23 |
| 22 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئەنجومەن بە مەبەستی زیادکردنی بڕگەیەك بۆ قسەکردن لەسەر کێشەو گرفتەکانی سنوری قەزای قەرەداخ. | 2017-7-25 |
| 23 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی گرفتی چەند کارمەندێکی وەزارەتی ناوخۆ کە پلەیان بەرزکراوەتەوە، بەڵام هەمان موچەی پێشو وەردەگرن. | 2017-7-26 |
| 24 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی یاریگای شەهید بورهانی حەمەی مینا کە کۆمەڵێك گرفتیان هەیە لەوانە خراپبونی ماتۆڕی ئاوی یاریگاکە و دەرگا و پەنجەرە بۆ هۆڵەکانی یاریگاکە، گەیاندنی بە لایەنی پەیوەندیدار بۆ چارەسەرکردنی. | 2017-7-28 |
| 25 | سەردان بەدواداچون | سەردانکردنی قائیمقامی دەربەندیخان بەمەبەستی گەیاندنی داواکاری نۆژەنکردنەوەی شەقامی سەرەکی ناوبازار و پێش تونێلی دەربەندیخان کە ئاستەنگی بۆ هاوڵاتیان دروستکردوە. | 2017-7-30 |

## بەشی سێیەم: ڕاپۆرت

### دو نوێنەرەکەی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی چی لە بارەی کارەکانیان و ئاستەنگەکانی بەردەمیانەوە دەڵێن؟

**دو نوێنەرەکەی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ڕۆژانە پەیوەندیان بە دامودەزگا و فەرمانگەکانی سنوری گەرمیانەوە هەیە، چ بۆ بەدواداچون کردن، چ بۆ گەیاندنی تێبینی و سکاڵای هاوڵاتیان بەو دەزگایانە یاخود گەیاندنی تێبینی و سکاڵای ئەو دەزگایانە بە لایەنەکانی سەروی خۆیان.**

**پرسیار ئەوەیە: ئەوان دیارترین ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەمیان چۆن دەبینن؟ تاچەند لەگەڵ بەڕێوبەرایەتیەکانی سنوری گەرمیان هەماهەنگن و تا چەند ئەو فەرمانگانە لە ماهیەتی کارەکانی ئەنجومەن تێگەیشتون؟ ئەو یاسا و ئالیەتانەی کارەکانی ئەنجومەنی پێ ڕادەپەڕێنن تاچەند گونجاون؟**

**لەم ڕاپۆرتەدا و لەسەر زاری هەردو نوێنەرەکەی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، (غالب محەمەد) و (محەمەد عەبدولوەهاب)ەوە، وەڵامی ئەو پرسیارانە بەدەست دەخەین.**

**سەرەتا (محەمەد شێخ وەهاب)، لە بارەی بەربەستەکانی بەردەمیانەوە دەڵێت: "یەکەم گرفتی بەردەمان نەبونی پارەیە کە ناتوانین زۆرێك لە کارەکانمان ڕاپەڕێنین، ئەویش بەهۆی بونی قەیرانی داراییەوە کە کارەکانی بەگشتی سەخت کردوە". لەبارەی ئاستەنگەکانیشەوە وتی: "تا ئێستا ئاستەنگێکی وەها لە پێشم دروست نەبوە و خۆشمان ڕێگە نادەین بەوەی ئاستەنگمان بۆ دروست بکرێت لە بەدواداچونەکانماندا، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەشێکی زۆر لە بەڕێوبەرایەتیەکانیش هەماهەنگن لەگەڵماندا".**

**ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگا، پێشیوابو یەکێك لەدیارترین کێشەکانیان، نەبونی لامەرکەزیەتە، کە وەکخۆی وتی: "بوەتە ئاستەنگ لە بەردەم کارەکانماندا".**

**(غالب محەمەد)، لەم خاڵەدا هاوڕایە لەگەڵ (محەمەد عەبدولوەهاب). دەڵێت:"بەشێکی بەرپرسان تا ئێستا کاری ئەنجومەن و دەسەڵاتەکانی ئێمە نازانن و لامەرکەزیەتی تەواو نەدراوە بە ئێمە و هەندێکجار لەسەر بابەتێك، نوسراوی وەزارەت لە پێش نوسراوی ئێمە دادەنرێت و کاری پێدەکرێت".**

**ئەو نوێنەرەی گەرمیان، لەمەدا هەردو حزبی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بە تاوانبار دەزانێت. وتی: "یەکێتی و پارتی بڕوایان بە لامەرکەزیەت نییە و نایانەوێت لامەرکەزی جێبەجێ بکرێت، بۆیە ئەنجومەنێکی شکڵیی دروست دەکەن نەك ئەنجومەنێکی فیعلی".**

سەبارەت بەوەی دامودەزگاکانی سنوری گەرمیان تاچەند لە ماهیەتی کاری ئەنجومەنی پارێزگا تێگەیشتون، محەمەد عەبدولوەهاب، دەڵێت: "کۆمەڵێکیان تا ئێستا لە ماهیەتی کاری ئەنجومەن تێنەگەیشتون و لەگەڵ ئەمەشدا بەشێکی زۆری ئەو بەڕێوبەرە گشتیانەی لە سنوری گەرمیان دەستبەکاربون، لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیەوە متمانەیان پێدراوە و هەندێك جاریش تێنەگەیشتن لە کاری ئەنجومەن دەبێتە گرفت بۆ بەدواداچونەکانمان".

بەڵام (غالب محەمەد) ئاماژە بەوەدەکات کە نەك تەنها دامودەزگاکانی سنوری گەرمیان، بەڵکو دامودەزگاکانی سنوری سلێمانیش لە ماهیەتی کاری ئەنجومەن تێنەگەیشتون. لەوبارەوە دەڵێت: "نە ڕێکخراوێك نە حکومەت نە ئەنجومەن، نەهاتون لەرێگەی ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و سیمینارەوە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنیان بۆ رون بکەنەوە کە ئەنجومەن ئەتوانێت چی بکات، ئەوان وا تێگەیشتون کە ئەگەر ئێمە چاودێریان بکەین دەسەڵاتی ئەوان کەمدەکەینەوە کە لە ڕاستیدا وانیە".

(محەمەد عەبدولوەهاب)یش دەڵێت: "یاساکەمان یاسایەکی باشە، بەڵام بە هۆی دروستبونی قەیرانەوە ئاستەنگ بۆ جێبەجێکردنی یاساکە دروست دەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا یاساکە پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە و زۆر بە دڵی ئێمە نیە و داواشمانکردوە هەموار بکرێتەوە، ئەمەش بە تەنها داوای فراکسیۆنێك نیە یان تەنها داوای ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نیە، بەڵکو داوای ئەنجومەنەکانی هەولێر و دهۆکیشە کە داوای هەموارکردنەوەی یاساکە دەکەن لە پێناو بەرژوەندی هاوڵاتیان بۆ ئەوەی زیاتر دەست کراوە بین لە کارەکانمان دا".

غالب محەمەد، ئاماژە بەوەدەکات: "گەرمیان خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە لەگەڵ ئەوەی هەماهەنگیمان لەگەڵ بەشێك لە دامودەزگاکان هەیە بۆ ڕاپەراندنی کارەکان، بەڵام ئەم خاسیەتە تایبەتەی گەرمیان ئەوەیە کە هەندێکجار وا هەڵسوکەوت دەکەن کە پارێزگایەکی جیاوازن و پەیوەست نین بە سلێمانیەوە".

دەشڵێت: "من لەگەڵ ئەوەدام ئەنجومەنێکی تایبەتی بۆ ئیدارەی گەرمیان هەڵبژێردرێت بەو جۆرە ئەتوانن باشتر چاودێری کارەکان بکەن، ئەوەش لە تواناماندا بوە کردومانە و زۆربەی بەرێوبەرایەتیەکانیش ڕێگریان نەکردوە لە کارەکانمان".

بەشێك لەو تێبینیانەی لەسەر نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان هەیە بەگشتی، ئەوەیە کە زۆرتر کارەکانیان وەکو بانگەشەی لێهاتوەو چالاکیەکانیان بەشی زۆری بریتییە لە پۆستی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئایا دو نوێنەرەکەی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەمبارەوە چی دەڵێن؟

**محەمەد عەبدولوەهاب**، وتی: "ئێمە کە ئەو بابەتانە بڵاودەکەینەوە، مەبەستمانە دەنگدەرەکانمان کە متمانەیان پێداوین، ئاگایان لەکارەکانمان بێت و بەرچاو رونییان پێبدەین، جگە لەو بڵاوکراوانەش ئەوا ئێمە چەندین بەدواداچونمان لەسەر کێشەکان کردوەو نوسراومان کردوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار و کاری لەسەرکراوە".

پێشیوایە کە سەرباری قەیرانی دارایی کە خۆی بە "قەیرانێکی سەخت و ناهەموار" ناوی برد، بەڵام ئەوان لە بەدواداچونی خۆیان بەردەوامن و نمونەی ئەوەش دێنێتەوە کە چەندین بەرێوبەریان بانگ کردوەتە ئەنجومەن بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

(**غالب محەمەد**)یش، دەڵێت: "ئێمە کە بەدواداچون دەکەین و بڵاویدەکەنەوە، لەبەر ئەوەیە کە نوێنەری خەڵکین و ئەبێت خەڵك بزانێت ئێمە چی دەکەین و چی ناکەین".

جەختیشیکردەوە: "ئێمە بەدواداچون دەکەین و لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کارەی نایاسایی بێت ناهێڵین ئەنجامبدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین نوسراومان کردوە و چەندین کێشەی دیکەمان چارەسەر کردوە".

**بۆپەیوەندیکردن:**

07702303676 – 07480207400

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org